# بة ثةلة

## هەواڵە درۆکانی حزب الله

ئەوە بۆ دوو هەفتە دەچێت هەمومان بە چاوی خۆمان ئەم شەڕو پێکدادانەی نێوان( ئیسرائیل وحزب الله) ئەبینین.
بڕوا ناکەم هیچ کام لەو دوو هێزە ئەوی تریان گوڵ باران بکات، بە پێچەوانەوە ئەمیان هەتا ئەتوانێ ئەوی تریان گوللەو ڕۆکێت باران ئەکاتو بەم بارود بارانەش دەبێ لە کوشتنو مردن بەولاوە چ بەروبومێکی لێبکەوێتەوە؟
کەواتە دروستە لەو جۆر ەشەڕانەدا، لەهەردولا کوژراوو بریندارو دیلو بگرە بێسەرو شوێنیشی لێبکەوێتەوە.
لە ماوەی ئەم دوو هەفتەی بارود بارانەدا، ئەوەی زیاتر ئەیبینین هەر کوژراوەکانو بریندارەکانی ئیسرائیلە نەک حزب الله، جا بڵێی حزب الله ئەوەندە خۆشەویستی هەموو دنیاو قیامەت بن، ئیسرائیل لەو شەڕانەدا گوڵبارانیان بکات نەک گوللە باران، چونکە لەماوەی ئەم دوو هەفتە خوێناویەدا لە چەند چەکدارێکی حزب الله بەولاوە، کە لە پەنجەی دەست کەمترن، کەسانێکی ئەوتۆیان لێ نەکوژراوە شایانی باس بێت، جا بڵێی لە ئاسمانەوە لەشکری مەلائیکەتەکان هاتبنە خوارەوەو لەجیاتی چەکدارەکانی حزب الله شەڕیان بۆ بکەنو بە لێشاو لە ئیسرائیلیەکان ئەکوژنو ئەوانیش ئەمان نابینن، بۆیە وا لە دەنگوباسو هەواڵەکانیانا ژمارەی کوژراوەکانیان نابیستین، یاخود بە پێچەوانەوە کوژراویان ئەوەندەزۆرە خۆیشیان ناوێرن ژمارەکانیان ئاشکرا بکەن؟
بە مەزەنەی عەقڵی قالە بێگومان هەر ئەمەیانەو ئەوی تریان بۆ سەردەمی عەقڵیەتی بەسەرچووی شەڕەکانی (بەدرو ئوحود)ە، نەک بۆ سەردەمی دنیای ئەنتەرنێتو مانگە دەستکردەکانو تەکنۆلۆژیای ئەوپەڕی پێشکەوتوو!!
کەواتە هەروەکو، وەزیری بەرگری ئەمەریکا دەربارەی هەواڵەکانی عێراق کاتی خۆی وتی، بۆ ئەوەی درۆو ڕاستیەکانتان بۆ دەربکەوێت، جار جار تەلەفزیۆنەکانتان لەسەر کەناڵی (الجزیرە) لاببەنو تەماشای کەناڵەکانی تری جیهان بکەن ئیتر ڕاستیەکان بەچاوی خۆتان ئەبینن.
دیارە ئەم حاڵەتە دەربارەی شاردنەوەی ڕاستیەکان لەلایەن( حزب الله)ەوە دووبارە بوەتەوە، بەڵام هەر وەکو خۆمان ئەڵێین پەتی درۆ کورتە، بۆیە ئەوەندە نابات هەواڵە ڕاستیەکان چونکە ماڵیین، خۆیان بەپێی خۆیان دێن بۆ لامان.

**قالە**